## له ڕۆژی جیهانی منداڵاندا
## پێنج ملیۆن منداڵی بێباوك له عێراقدا هه‌یه..!!

به‌و پێیه‌ی كه‌ منداڵان به‌ هۆش و جه‌سته‌ پێنه‌گه‌یشتون و توانای به‌رگریكردن له‌ خۆیانیان نییه‌، بۆیه‌ پێویسته‌ یاسایه‌ك هه‌بێت بۆ به‌رگریكردن له‌ مافه‌كانیان پێش له‌ دایك بوون و دوای له‌دایك بوونیشیان. لێره‌وه‌یه‌ كه‌ دوای ئه‌وه‌ی بۆیه‌كه‌م جار چه‌ند ساڵ له‌ دوای جه‌نگی جیهانی یه‌كه‌م و له‌ ساڵی 1924 دا باس له‌ پێویستی بوونی یاسایه‌ك كرا بۆ به‌رگریكردن له‌ مافه‌كانی منداڵان. دوابه‌دوای ئه‌مه‌ش له‌ به‌رواری 20 تشرینی دووه‌م\نوڤمبر ساڵی 1959 دا یاسای مافه‌كانی منداڵان په‌سه‌ند كرا.

له‌ كاتێكدا كه‌ یادی ئه‌مڕۆژه‌ ده‌كرێته‌وه‌، ژیانی منداڵان له‌به‌شێكی زۆری وولاَتانی ئه‌م دنیایه‌دا له‌وپه‌ڕی خراپی دایه‌و ڕۆژانه‌ به‌شێوه‌ی جواراوجۆر منداڵان توندوتیژی و ده‌ستدرێژیان ده‌كرێته‌ سه‌ر. له‌م نێوه‌شدا، له‌ سایه‌ی حكومه‌تی تایفی و مه‌زهه‌بی عێراقدا، پێنج ملیۆن منداڵی بێباوك هه‌ن، زیاتر له‌ 220000 منداڵی ئاواره‌ ته‌نها له‌ ساڵی 2007دا، وه‌ 76000 منداڵی ته‌مه‌نی قوتابخانه‌ هه‌ن كه‌ خۆیان ناونووس نه‌كردووه‌ بۆ خوێندن، مانگانه‌ سه‌رجه‌م 25000 منداڵ ناچار به‌ دوركه‌وتنه‌وه‌ له‌ شوێنی ژیانی خۆیان و ئاواره‌ بوون كراون له‌ئه‌نجامی توندوتیژی و كرده‌وه‌ی تیرۆریستی و ترساندن و تۆقاندنی منداڵان له‌ عێراقدا.

به‌پێی چه‌ند ئامارێك ئه‌مڕۆ له‌ ژێر سایه‌ی حكومه‌ته‌كه‌ی مالكیدا زیاتر له‌ 11000 یانزه‌ هه‌زار منداڵی ئالوده‌بوو له‌سه‌ر مه‌وادی بێهۆشكه‌ر هه‌یه‌، ئه‌م منداڵانه‌ ته‌مه‌نیان له‌ ژێر 12 ساڵیه‌وه‌ن كه‌ بوون به‌ نێچیری گه‌وره‌ هه‌وسبازان و ڕۆژانه‌ ده‌ستدرێژی سێكسیان ده‌كرێته‌سه‌رو شوێنی تایبه‌ت هه‌ن له‌ به‌غدادو شاره‌كانی تردا بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌م كاره‌ له‌دژی منداڵان. هه‌ر له‌م باره‌وه‌ له‌ڕاپۆرتێكی تردا باس له‌ بوونی 1300-1500 منداڵی زیندانی ده‌كات، كه‌ له‌ هه‌لومه‌رجێكی زۆر سه‌خت و نامرۆییدا ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن.

شه‌ڕو توندوتیژی، بێمافییه‌كانی منداڵان و نه‌بوونی په‌روه‌رده‌یه‌كی دروست و ژیانێكی ئارام، گه‌وره‌ترین كێشه‌ی منداڵی كۆمه‌ڵگای عێراقه‌. له‌باری سایكۆلۆژییه‌وه‌، به‌ پێی لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی لێكۆڵه‌ره‌وه‌یه‌كی ئه‌مریكی به‌ ناوی كارێل دی ڕوی: له‌ قۆناغی سه‌ره‌تاییدا زیاتر له‌ 4 ملیۆن منداڵ هه‌یه‌ كه‌ لانی كه‌م 10٪ ئه‌م منداڵانه‌ پێویستیان به‌ چاره‌سه‌ری ده‌روونی هه‌یه‌ كه‌ به‌هۆی الصدمات النفسية trauma واتا شۆكی ده‌روونی كه‌ شه‌ڕی ئه‌مریكا له‌ دژی خه‌ڵكی عێراق و ده‌رئه‌نجامه‌كانی شه‌ڕه‌وه‌ منداڵان تووشی بوون. شه‌ڕو ئاسه‌واره‌كانی شه‌ڕ كاریگه‌ری و تارمایی زۆر خراپیان له‌سه‌ر منداڵان داناوه‌، باری ده‌روونی شێواو نا جێگیر، بڕوا به‌خۆنه‌بوون و ترس و دڵه‌ڕاوكێ، سیمای خه‌ماوی ...هتد، ئه‌مانه‌ ساده‌ترین ده‌رهاویشته‌كانی شه‌ڕه‌ له‌سه‌ر منداڵان. دكتۆر و پرۆفیسۆر ماگن ڕاوندالن به‌ڕێوه‌به‌ری پرۆگرامی لێكۆڵینه‌وه‌ی منداڵان له‌ به‌شی زانسته‌ده‌روونییه‌كانی زانكۆی بیرگنی نه‌رویجی له‌م باره‌وه‌ ده‌ڵێ: *منداڵانی عێراق وه‌ك منداڵانێكی مردووی زیندوو وان، هه‌موو خۆشی و هه‌ست و ئاره‌زووه‌كانیان له‌ ده‌ستداوه‌و ناتوانن چێژ له‌هیچ شتێك وه‌رگرن له‌ ژیانیاندا.* هه‌روه‌ها لێكۆڵه‌ره‌وه‌ی باری ده‌رونی منداڵان" جیف سیمونز" ده‌ڵێ: به‌رزبوونه‌ی ئاستی ڕه‌فتاری شه‌ڕانیبوون واته‌ aggressive behaviours السلوك العدواني، له‌ نێوقوتابیاندا له‌ 60٪ زیادی كردووه‌و ئه‌م ڕێژه‌یه‌ش هه‌میشه‌ ڕوو له‌سه‌ره‌. به‌پێی چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌ك له‌ 20٪ قوربانیانی ته‌قینه‌وه‌كانی عێراق منداڵانن، یان ئه‌وه‌تا له‌به‌رامبه‌ر پاره‌یه‌كی كه‌مدا منداڵان بوون به‌ نێچیری تیرۆریستان و بۆ كاری ته‌قاندنه‌وه‌ به‌ كاریان ده‌هێنن. بڵاووبوونه‌وه‌ی نه‌خۆشی شیرپه‌نجه‌، پیس بوونی ژینگه‌ نه‌بوونی ئاوی پاك ئه‌نجامی ناپاڵم و ساروخه‌ فسفۆری و ژه‌هراوی و سوتێنه‌ره‌كانی بۆش و بلێر له‌ شاره‌كانی ناوه‌ڕاست و خواروی عێراقدا، گه‌وره‌ترین كاره‌ساتی مرۆیی بۆ منداڵان دروست كردووه‌، كه‌ حكومه‌ته‌ تایفیه‌كه‌ی مالیكی ئه‌سڵه‌ن ئاوڕییان لێناداته‌وه‌، له‌م نێوه‌دا یه‌ك نه‌وه‌ به‌ده‌م ده‌ردو ده‌یان نه‌خۆشییه‌وه‌ ده‌تلێنه‌وه‌. جگه‌ له‌مه‌ هه‌ر له‌م سه‌رده‌می حكومه‌ته‌ی مالیكی- تاڵه‌بانی دا ده‌بینین منداڵان له‌ چ هه‌لومه‌جێكدا ژیان ده‌كه‌ن، وه‌ك نموونه‌ش هه‌مووومان بینینمان كه‌ ڕه‌فتاری حكومه‌تی مالیكی چۆن بوو له‌گه‌ڵ منداڵانی بێسه‌رپه‌رشتی به‌غداد داو ژورنالیستێكی ئه‌مه‌ریكی كاره‌ساتی ژیانی منداڵانی بێسه‌رپه‌رشت و مه‌رگه‌ساتی ژیانیانی خسته‌ ڕوو، كه‌ له‌مباره‌وه‌ سه‌نته‌ری منداڵان به‌ هاوكاری وتووێژی مۆدێرن كه‌مپه‌ینێكمان به‌رێخستووه‌ له‌ ناوه‌ڕاستی هاوینی 2007 وه‌ تا ئێستاش به‌رده‌وامه‌و داوا له‌ خوێنه‌ران ده‌كه‌م به‌شداری ئه‌م كه‌مپه‌ینه‌ بكه‌ن به‌م لینكه‌: http://www.ahewar.org/camp/i.asp?id=94&show=450&#sig ، نه‌بوونی یاسای تایبه‌ت به‌ به‌رگری له‌ مافه‌كانی منداڵان له‌ عێراق و كوردستاندا، بوونی توندوتیژی له‌ دژی منداڵان له‌ نێو خێزان و قوتابخانه‌و شوێنه‌ گشتییه‌كاندا، به‌ نه‌زان و سوك ته‌ماشا كردنی منداڵان و به‌هه‌ند وه‌رنه‌گرتنی ڕاوسه‌رنجه‌كانیان، گرنگی نه‌دان به‌ ژینگه‌ی فێربوونی منداڵان له‌ قوتابخانه‌كان و باخچه‌ی ساوایان و دایه‌نگادا وه‌ له‌گشتدا نه‌بوونی جێگه‌وڕێگه‌یه‌كی مرۆیی بۆ منداڵان له‌ چاوی ده‌سه‌ڵاتداران و داموده‌زگای په‌روه‌رده‌یی حكومه‌ته‌وه‌، سه‌ره‌تاییترین سمای ژیانی منداڵانی ئه‌م وولاَته‌ن.

ئه‌مڕۆ له‌ كوردستاندا و له‌ ژێر سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی یه‌كێتی و پارتیدا، كه‌ 18 ساڵه‌ حوكمی ئه‌م هه‌رێمه‌ ده‌كه‌ن وبه‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ ناوچه‌كانی تری عێراقدا باری ئه‌منی و ژیانی ڕۆتینی خه‌ڵك زۆر جیاوازی هه‌یه‌، سه‌ربای ئه‌مه‌ش و له‌به‌ر به‌هه‌ند وه‌رنه‌گرتنی كێشه‌ی منداڵان، ژیان و گوزه‌رانی منداڵان و دابین نه‌كردنی پێداویستیه‌كانیان، لێدان وتوندوتیژی له‌ دژی منداڵان، كاری منداڵان و په‌نا بردنه‌ به‌رخۆكوشتن و ڕه‌وكردنی لاوان و ده‌یان كێشه‌ی تر، ڕۆژانه‌ ڕووبه‌ڕووی منداڵانی كوردستان ده‌بێته‌وه‌.

بۆیە لەم ڕۆژەدا ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخوازوبەرگریکەر لە مافەکانی منداڵان و هەموو ئەو لایەن و ڕێکخراوانەیە کە کار بۆ منداڵان دەکەن، دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمەو، بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی و ژیانی پڕ تراژیدی منداڵان، وە بۆ بەبڕیار کردنی یاسای بەرگریکردن لە مافەکانی منداڵان، بێنە مەیدان و خەبات بکەن.

**بژی مافەکانی منداڵان**

**پیرۆز بێت ڕۆژی جیهانی منداڵان**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان**

31 May 2009

www.santarimnalan.com